# سەرکەوتن بێ لە خۆباییبوون

## جەمال نەبەز

ئەو ئەنجامەی ئەورۆ HDPپێیگەهیشت بەوەی توانی نێزیک لە ١٣ %ی دەنگەکانی هەموو دەنگدەران وەربگرێ ، دەبێ بەسەرکەوتنێک دابنرێ بەسەر ئەردۆخان و هیزبەکەی دا ، ئەگەرچی دلنیام لەوەی هێندەک لەوانەی دەنگیان بە HDP داوە لەبەر خاتری کورد و دەمیرتاش و هیزبەکەی نەبووە ، بەلکو لە رکی ئەردۆخان و هیزبەکەی بووە ، ئەمە بێجگە لەوەی ١٣% لە چاو رێژەی کورد دا کەمە ، هەرچی چۆنێک بێ سەرکەوتن لە هەر ئاستێک دا بێ لە باری رەوانیی و باوەڕبەخۆکردن و هەلکێشانی هەناسەیەکی خۆشیی زۆر گرنگە ، بەلام دەبێ ئەم سەرکەوتنە بکرێ بە پەیژەیەک بۆ سەرکەوتنی گەورە ، ئەمەش بە داڕشتنی بەرنامەی زانستانە و رووکردنە چینی هەژار و لێقەوماو و جەماوەری ژنان و بەر لەهەموو شتێک بە رۆشنکارییە کی ئازادیخوازانەی یەکسانیخوازانە ، نەک هەر لەنێو کورددا ، بەلکو لە نێو ئەو گەلانەشدا کە رژێمی ترک سەت سالە فێری دوژمنایەتیی کورددیان دەکا ،ئەمەش دەبێ بەو پەڕێ بێ فیزیی و خاکەرایی بکرێ ، بێ ئەوەی خۆبکرێ بە سەرگەورە و دەمڕاستی کەس ، و ئەو بەلێنانەی دراون هەول بدرێ بۆ جێبەجێکردنیان ، ئەگەرچی جێبەجێکردنی هەمووشی ،یان هێندەکی لە توانادا نەبێ . دەبێ ئەوەش بخرێتە بەرچاو کە ئەردۆخانیش چەند دەرفەتێکی هەیە بۆ خۆنێزیککردنەوە لە MHPوCHPو ئەم دوو هیزبەش لە هەلوێستیاندا بەرامبەر بە کورد و مافەکانی لەپاش ئەردۆخان و هیزبەکەیەوەن و ئامادەی هاوکاریی دەبن لەگەلی لەسەر بەرنامەیەک ، ئەگەر ئەردۆخان رێکبکەوێ لەگەلیان . ئەردۆخانیش ئەگەر بیەوێ فەرمانڕەوابێ دەبێ لەگەل هیزبێکی دیکە یەکبگرێ ، چۆنکە بەلەسەتدا چل /چلویەک هکومەتی پێدروستناکرێ و ناچارە بە داشکاندنی داخوازییەکانی و رێکەوتن لەگەلیان . لەبەر ئەوە لەسەر دەمیتاش و هیزبەکەی پێویستە ئەم سەرکەوتنە بکەنە جومگەیەکی زنجیرەیەک سەرکەوتنی گەورە بۆ نەتەوەی کورد و بەشخوراوانی رۆژهەلاتی ناڤیین.

8/6/2015